هاندان بۆ نیعمەت وئاسوودەیی هەتاهەتایی بەهەشت، وترساندن وئاگادارکردنەوە لە سزای دۆزەخی ئازاردەر

لە ئەنەسی کوڕی مالیکەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «خاوەن زۆرترین نیعمەت دەهێندرێت لە خەڵکی دونیا کە ئەهلی دۆزەخە لە ڕۆژی قیامەتدا، وبەک جار نقوم دەکرێت لە دۆزەخ (ودەردەهێندرێت)، وپاشان دەووترێت: ئەی نەوەی ئادەم، ئایا هەرگیز خێر (وخۆشیت) بینیووە؟ ئایا خاوەنی هیچ نیعمەتێک بوویت؟ ئەویش دەڵێت: نەخێر واللە ئەی پەروەردگار، وهەژارترین کەس دەهێندرێت لە دونیادا کە ئەهلی بەهەشتە، وبەک جار نقوم دەکرێت لە بەهەشت (ودەردەهێندرێت)، پێی دەووترێت: ئەی نەوەی ئادەم، ئایا هەرگیز هەژاریت بینیووە؟ ئایا هەرگیز تووشی ناخۆشی بوویت؟ ئەویش دەڵێت: نەخێر واللە، هەرگیز تووشی هەژاری نەبووم، وهەرگیز ناخۆشیم نەبینیووە».

[صەحیحە] [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

لە ڕۆژی قیامەتدا ئەو کەسەی زۆرترین نیعمەت وخۆشی بینیووە لە خەڵکی دونیا کە ئەهلی دۆزەخە دەهێندرێت، وبەک جار نقوم دەکرێت لە دۆزەخ (ودەردەهێندرێت)، ئەوەندە گەرمی وتین وپریشکەی ئاگری دۆزەخی بەردەکەوێت هەموو ئەو خۆشیانەی دونیای لە بیر دەباتەوە، لەو کاتەدا پەروەردگاری پرسیاری لێدەکات هەرچەندە خودا ئاگادارە سەبارەت بە حاڵی ئەو کەسە، پێی دەفەرموێت: ئەی نەوەی ئادەم، ئایا هەرگیز خێر (وخۆشیت) بینیووە؟ ئایا خاوەنی هیچ نیعمەتێک بوویت (ئایا هیچ خۆشییەک بە ژیانتدا تێپەڕ بووە)؟ ئەویش دەڵێت: نەخێر واللە ئەی پەروەردگار. ولە بەرامبەردا ئەو کەسە دەهێندرێت کە هەژارترین وخاوەنی زۆرترین ناڕەحەتی وناخۆشی بووە لە دونیادا کە ئەهلی بەهەشتە، وبەک جار نقوم دەکرێت لە بەهەشت (ودەردەهێندرێت)، وهەموو ناخۆشی وهەژاری وناڕەحەتیەکانی لەبیر دەچێتەوە؛ ئەمیش بەهۆی ئەو خۆشی وچێژ ونیعمەتەی لە نێو بەهەشتدا دەیبینێت کە هەرگیز ناتوانرێت وەسف بکرێت، لەو کاتەدا پەروەردگاری پرسیاری لێدەکات هەرچەندە خودا ئاگادارە سەبارەت بە حاڵی ئەو کەسە، پێی دەفەرموێت: ئەی نەوەی ئادەم، ئایا هەرگیز هەژاریت بینیووە؟ ئایا هەرگیز تووشی ناخۆشی بوویت؟ ئەویش دەڵێت: نەخێر واللە، هەرگیز تووشی هەژاری نەبووم، وهەرگیز ناخۆشیم نەبینیووە.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/4248